HITi
Construction Revolution

# CERAGROUT 2000

## پەڕەی زانیاری تەکنیکی
## (Technical Data Sheet)



Contact:
Phone : +9647500700015
info@hiti-krd.com
www.hiti-krd.com



## پێناسە

**HITI CERAGROUT 2000** شەربەتی چیمەنتۆیی بەهێزکراو بە پۆلیمەرە بۆ جۆینتی کاشی. لە تێکەڵەیەکی ورد لە چیمەنتۆی خاوەن کوالیتی بەرز، کاربۆناتی کالسیۆمی پۆلێنکراو و پۆلیمەری تایبەت پێکهاتووە. کاتێک لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێت، شەربەتێکی بەهێز و بەرگەگر پێکدێنێت، نایابە بۆ داخستنی جۆینتی کاشی و دڵنیاکردنی کارایی دوورمەودا.

## بەکارهێنانەکان

**HITI CERAGROUT 2000** گونجاوە بۆ پڕکردنەوەی جۆینتەکانی کاشی، مەڕمەڕ یان گرانیت کە پانی جۆینتەکە تا 5 mm بێت، **تەنها لە ناوەوەی وشک**.

بۆ شوێنی تەڕ (حەمام، دووش)، بەکارهێنانی دەرەوە و مەلەوانگە، **HITI ULTRAGROUT 2500** بەکاربهێنن.

## سوودەکان

- **بێ درز: HITI CERAGROUT 2000** لە جۆینتی تا 5 mm پاندا بێ درز دەمێنێتەوە.
- **بەردەستە بە چەند ڕەنگێک:** هەڵبژاردە ستانداردەکان سپی و خۆڵەمێشین، و ڕەنگەکانی تر بەپێی داواکاری.
- **ڕەنگی نەڕەوی:** بە ڕەنگی خاوەن کوالیتی بەرز داڕێژراوە، کە جێگیریی ڕەنگی دوورمەودا بەبێ ڕەوین بەدرێژایی کات دڵنیا دەکات.
- **بەندی بەهێز:** وەک پڕکەرەوەیەکی ڕەق لەگەڵ تایبەتمەندی لکاندنی بەهێز کاردەکات، کە دڵنیا دەکات شەربەتەکە بۆ هەمیشە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە بەبێ داخوران.

## ڕێکاری بەکارهێنان

### ئامادەکردنی ڕوو

**HITI CERAGROUT 2000** دەبێت بەلایەنی کەمەوە 24 کاتژمێر دوای کاشیدارشتن بەکاربهێرێت. دڵنیابن لەوەی هەموو کاشییەکان بە پتەوی لکێراون و ڕووەکە پاکە پێش بەکارهێنان.

### تێکەڵکردن

تێکەڵکردن دەبێت بە میکسەری خێرایی نزم کە پەڕەی تێکەڵکردنی پێوەیە ئەنجام بدرێت. نزیکەی 3 بۆ 3.5 لیتر ئاو بۆ هەر 10 kg لە **HITI CERAGROUT 2000** پێویستە (6–7 L بۆ کیسی 20 kg).

- بڕە ئاوی پێوراو بکەنە ناو دەفرێکی پاکەوە.
- بەرە بەرە **HITI CERAGROUT 2000** زیاد بکەن لەگەڵ تێکهەڵدانی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی پێکهاتەیەکی یەکدەست، بێ گرێ و وەک خەمیر.
- لێگەڕێن تێکەڵەکە 3 خولەک بپشوێت، پاشان پێش بەکارهێنان بە کورتی دووبارە تێکی بدەن.

## بەکارهێنان

- **HITI CERAGROUT 2000** بەسەر جۆینتی کاشییەکاندا بکەن بە شەفرە یان سکرەیپەر.
- کەرەستەکە بەباشی بخەنە ناو جۆینتەکانەوە، بە دڵنیابوون لەوەی بەتەواوی پڕکراون.
- هەر کەرەستەیەکی زیادە بە پارچەیەک بسڕنەوە و ئامێرێکی خڕ بەکاربهێنن بۆ ڕێککردنی جۆینتی شەربەت.
- بەرهەمەکە دەتوانرێت تا 2 کاتژمێر دوای تێکەڵکردن بەکاربهێرێت.
- پلەی گەرمی بەکارهێنان: 5 °C+ بۆ 35 °C+ کیورینگ و هاتووچوو: دوای 7 ڕۆژ.

| تایبەتمەندی | وردەکاری |
|---|---|
| پێکهاتە | چیمەنتۆی پلەبەرز، کاربۆناتی کالسیۆمی پۆلێنکراو و پۆلیمەری تایبەت |
| بەکارهێنان | تەنها ناوەوەی وشک |
| پانی جۆینت | تا 5 mm |
| ڕەنگ | خۆڵەمێشی، سپی و ڕەنگەکانی تر بەپێی داواکاری |
| چڕی پێکهاتە | 1.85 g/cm³ |
| ڕێژەی تێکەڵکردن | 3–3.5 L ئاو بۆ هەر 10 kg (6–7 L) بۆ کیسی 20 kg |
| ماوەی پشوودان | 3 خولەک |
| ماوەی کارپێکردن | تا 2 کاتژمێر |
| پلەی گەرمی بەکارهێنان | 5 °C+ بۆ 35 °C+ |
| دەستپێکردنی شەربەتکردن | بەلایەنی کەمەوە 24 کاتژمێر دوای کاشیداڕشتن |
| کیورینگ و هاتووچوو | دوای 7 ڕۆژ |
| پاکێتکردن | کیسی 20 kg |
| ماوەی بەسەرچوون | تا 12 مانگ لە بەرواری بەرهەمهێنانەوە |
| هەڵگرتن | دەبێت لە پاکێتی ئەسڵیی نەکراوەدا، لە شوێنێکی داپۆشراو، دوور لە تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر هەڵبگیرێت. بەرهەمەکە لە پلەی گەرمی تۆند بپارێزن. لە کەش و هەوای تڕۆپیکاڵدا پێشنیار دەکرێت لە ژینگەیەکی کۆندیشنکراودا هەڵبگیرێت بۆ پاراستنی کوالیتییەکەی. |

**Contact:**
Phone : +9647500700015
info@hiti-krd.com
www.hiti-krd.com